ئەنفال

# ڕۆژی گەل
Rojî Gel

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە،
حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات،
ژمارە نۆبەرەی لە ١-٧-٢٠٠٠ دەرچووە

**ژمارە (٢٠٦) یەکشەممە ١٣-٤-٢٠٠٨**


ل3 ڕەوشی باشوور لە خراپەوە بەرەو خراپتر دەڕوات



ل4 هەردوو ئیدارە یەک ناگرن و ڕەخنێژی قەبوڵ ناکەن!؟



ل6 بەرپرسان لە هێنانی مۆسیقای میسری بە تۆمەتبار دەزانم



ل7 تا گەندەڵی بەردەوام بێ خەڵکی ئاسودە نابن




# قوربانیان ئەنفال بە گێڕانەوەی کەرکوک ئاسودە دەبن

## با ڕۆژی ١٤ی نیسان ئاڵای ڕەش لەسەر ماڵەکانمان هەڵبکەین

ڕۆژی ١٤ی نیسان کە ڕۆژی ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ئەنفالکراوەکانە دەخوازرێ ببێ بە ڕۆژی ماتەمی گشتی و لەسەر ماڵەکان دا ئاڵای ڕەش هەڵبکرێ.

بەمەبەستی وەبیر بێتەوە کە داگیرکەرانی کوردستان دژ بە نەتەوەی کورد ئەنجامیان داوە، پێویستە هێماو نیشانەیەکی بەرچاو هەبێ، باشترین شتیش ئەوەیە کە لەو ڕۆژەدا ئاڵای ڕەش لەسەر ماڵەکانماندا هەڵبکەین.

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پەیامە کەمپینێک لەچەندین ڕێکخراوی جۆراوجۆر پێکهاتووەو داوا لە خەڵک دەکەن کە لە سبەینێ لەسەر ماڵاکاندا ئاڵای ڕەش هەڵبکرێ.

بۆ ڕێزگرتن لە گیانی ئەنفالکراوەکان و وەبیر هێنانەوەی کارەساتەکانی نەتەوەکەمان با هەموومان ئاڵای ڕەش لەسەر ماڵەکانمان هەڵبکەین.

## گرژیەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران گەورەتر دەبنەوە

ئاڵۆزبوونەوەی ڕەوشی ناوخۆی عێراق جارێکی دیکەش گرژیەکانی نێوان ئەمریکاو ئێرانی گەورەتر کرۆتەوە. لەم پێوەندەدا جۆرج بووش هەریەکە لە ئێران و قاعیدەی وەکو دوو دوژمنی سەرسەخت و ڕێگر لەبەردەم هێزەکانی ئەمریکا لەعێرق ناساند، هەروەها دیک چێنی جێگری سەرۆکی ئەمریکاش هەڕەشەی لە ئەحمەدی نەژاد سەرکۆماری ئێران کردو بە دوژمنێکی سەرسەختی دانا،

هەروەها دێڤید پاتریۆس و رایان کرۆکەریش جارێکی دیکە ئاماژەیان بەوەدایەوە کە ئێران دەست لەکاروباری ناو عێراق وەردەدات و هاوکاری پێویست بە گروپە توندڕۆکان دەکات، بەڵام بەرپرسە باڵاکانی ئێران ئەو تۆمەتانەیان ڕەت کردەوە، ڕۆژی هەینی ڕابردوو هاشمی ڕەفسەنجانی لە وتاری ڕۆژی هەینیدا زۆر بەتووندی وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە و گوتی:' کۆماری ئیسلامی ئێران دەسکاری کاروباری ناوخۆی عێراقی نەکردوە و ئەم قسانە دوورن لە ڕاستی و لەلایەن داگیرکەرانی عێراقەوە ڕادەگەیەندرێ، مەبەستیشیان ئەوەیە کە زیاتر لە عێراق بمێننەوەو دەستتێوەردانی دراوسێکانی عێراقیش بکەنە بیانۆی مانەوەیان.

چادوێران پێیانوابوو کە جۆرج بووش پێش کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی هێرش دەکاتە سەر ئێرآن، بەڵام جۆرج بووش دوێنێ ڕایگەیاند کە ئەو بەهیچ شێوەیەک نایەوێ هێرش بکاتە سەر ئێران و شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێنێ، بەڵام لە گوشارەکانی خۆی بۆ پاشەکشەکردنی ئێران لەگەیشتن بە چەکی نیوکلیاری دریغی ناکات و هەموو شێوازەکانی گوشار دەکار دەهێنێ، ئەمەشی بە ڕەواو ڕاست دانا.

## بووش دەیەوێ سەدر هێوربکاتەوە

دوای ئەوەی لە مەدینە سەدر شەڕێکی خوێناوی لەنێوان هێزەکانی ئەمریکاو سوپای مەهدی ڕوویدا، دوای ئەوەی کە نوری ئەلڕیازی یاریدەری موقتەدا سەدر تیرۆر کرا، دوای ئەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا لە هێرشێکدا سێزە کەسیان لەنێو مەدینە سەدری شاری بەغدادا کوشت، ڕۆبەرت گێتیس وەزیری بەرگری وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بە مێدیاکانی ڕاگەیاند کە ئەوان موقتەدا سەدر وەکو دوژمنی خۆیان نابینن، چونکە ئەو وەکو دوژمن ڕەفتار ناکات و ڕۆڵی لە ئاسایی کردنەوەی ڕەوشی سیاسی عێراقدا هەیە، دەیەوێ بە شێوەیەکی ئاشتیانە لە پرۆسەی سیاسی عێراق دا بەشداری بکات، بەوهۆیەوە ئەمریکا بەچاوی دوژمن سەیری ناکات.

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە جۆرج بووش داوای لە سەرۆک تاڵەبانی کردووە کە هەوڵی هێورکردنەوەی سەدر بدات و پێی ڕابگەیەنێ کە ئەمریکا ئەو بە دوژمن نازانێ، بۆیە باشترە کە بەشێوەیەکی ئاشتیانەو بەبێ چەکداری بەشداری لەپرۆسەی سیاسی عێراق دا بکات، چونکە ئەو لایەنگری زۆری هەیەو دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕەوشی ئاسایش و سیاسی عێراق دروست بکات.

ئەم پەیامەی بووش نیشانەی ئەوەیە کە دەیانەوێ موقتەدا سەدر هێور بکەنەوە.

## پۆلیسی کەربەلا بەبێ دادگە بڕیاری کوشتن دەدات

پێگەی مەهدەویە کە لە ڕەوتی سەدرو سوپای مەهدیەوە نزیکە لە ماوەی ڕابردوودا کاسێتێکی دەنگی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردۆتەوە کە گوایە پەیوەندی بێتەلی نێوان فەرماندەیەکی پۆلیس و مەفرەزەیەکی پۆلیسەو باس لە دەستگیرکردنی کەسێک بەناوی **عەقیل خەلیل شەلاکە** دەکات، بەڵام فەرماندەکە جنێو دەدات و هەڕەشە دەکات، کاتێک پۆلیسەکە لە فەرماندەکەی دەپرسێ چی لەو گیراوە بکەین کە لەناوچەی گەمارۆدراودا دەستگیرکراوە، فەرماندەکە بە تووڕەییەوە وەڵام دەداتەوەو ڕادەگەیەنێ کە هەروەک پێشتر فەرمانی پێکردوون، دەبێ گیراوەکان بکوژرێن، بۆیە ئەو گیراوە بکوژن.

فەرماندەکەی پۆلیس دووپات دەکاتەوەو ڕادەگەیەنێ کە برینداریان ناوێ و دەبێ بکوژرێ! بەڵام تا ئێستا ئەم هەواڵە لەلایەن پۆلیسی عێراقەوە ڕەت نەکراوەتەوە.

http://www.١٥mum.net/ mum٣٨/krbal.mp٣

## بەردەوام گۆڕی بەکۆمەڵ لە عێراق دەدۆزرێنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە لەڕۆژانی ڕابردوو چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەنزیک شاری بەغداد پێتەختی عێراق دۆزراونەتەوە، یەکێک لەو گۆڕانە کە ڕۆژی ١٠ی نیسان لە ماڵێکی شارۆچکەی مەحمودیەی باشوری بەغداد دۆزراوەتەوە سی تەرمی تێدابووە کە ماوەی ساڵێک دەبێ چاڵ کراون.

لە کۆتایی مانگی ئازاری ڕابردووشدا هێزەکانی ئەمریکا لە نزیک میقدادیە گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزیبۆوە کە ١٤ تەرمی تێدا بوو، واش مەزەندە دەکرا کە مانگی یەکەمی ئەمساڵ ئەنجام درابێ. هەروەها ڕۆژی ٣ی نیسان هێزەکانی ئەمریکا گۆڕێکی دیکەیان دۆزیبۆوە کە ٣٧ تەرمی تێدا چاڵکرابوو.

دۆزینەوەی سێ گۆڕی بەکۆمەڵ لەماوەی تەنیا ٢٠ ڕۆژدا ترس و نیگەرانی زۆری لەلایەن خەڵکی عێراق دروست کردووە، بەتایبەتیش کە ئەو قوربانیانە شوێنەواری ئەشکەنجەو ئازاردانیان پێوە دیارەو ناشناسرێنەوە.

دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەردەمی ئەو حکومەتەی کە بە نیشتمانی دەناسرێ، باس لە دیموکراتیزەکردن و فرەیی و فیدراڵی دەکرێ، جیهانیانی دووچاری سەرسوڕمان کردووە، نازانرێ کام هێز ئەو تاوانانەی ئەنجام داوە، چونکە ئەگەر لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق دۆزرانەوە، دەزانرا کە ڕژێمی بەعس ئەنجامی داون و گۆڕی ئەو قوربانیە سقیلانەیە کە سوپای عێراق لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیاندا ڕەشبگیری کردبوون و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زیندە بەچاڵی کردبوون.

جێگەی ئاماژەیە کە حکومەتی عێراق چەکدارەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە تۆمەتبار دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەو شوێنانەدا دۆزراونەتەوە کە پێشتر لەژێر کۆنترۆڵی چەکدارەکانی قاعیدە دابووەو ئێستا ڕزگار کراون.

KON-KURD

## دەیەوێ لە ڕووی تۆریزمەوە تورکیا بایکۆت بکرێ

لە ڕاگەیەندراوێکی نووسراودا کە ڕۆژی هەشتی نیسان بڵاوکراوەتەوە **کۆن کورد** (کۆنفیدراسیۆنی کۆمەڵەکانی کوردی لە ئەووپا) داوای کردووە کە لە بواری تۆریزمەوە 'گەشتوگوازار'ەوە تورکیا بایکۆت بکرێ.

لەراگەیاندراوەکەدا وێڕای ئەوەی کە ئاماژە بە هێرش و پەلامارەکانی پۆلیسی تورک لەکاتی جەژنی نەورۆز بۆ سەر خەڵکی سقیل کراوە، لەهەمان کاتدا داوا لە کوردستانیان و سەرجەم ئەوڕوپییان کراوە کە بۆ گەشتوگوزار ڕوو لە تورکیا نەکەن و گەمارۆی بخەنە سەر چونکە ئەو وڵاتە زۆر دڕندانە ڕەفتار لەگەڵ نەتەوەی کورد دەکات، لەکاتێکدا بیست ملیۆن کورد لەو وڵاتەدا دەژین و بەزۆر وڵاتەکەیان لەلایەن تورکیاوە داگیرکراوە کەچی حکومەتی تورکیا دان بە ناسنامەی نەتەوەیی کورد دانانێ و زۆر دڕانەش هەوڵی تواندنەوەو بە تورک کردن دەدات، لەوەتەی دەوڵەتی تورکیا دامەزراوە نکۆڵی لە هەبوونی کورد دەکات و هەوڵی قڕکردن و لەنێوبردنی دەدات، ئەمەش پێچەوانەی یاساکانی نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە.

ڕاگەیاندراوەکە نووسیەتی: بۆ گەشت و پشووەکانتان ڕوو لە تورکیا مەکەن، چونکە تورک نکۆڵی لەهەبوونی نەتەوەی کورد دەکات و دەیەوێ مێژووی کورد بسڕێتەوە.

ڕوو لە تورکیا مەکەن چونکە شەڕی تێدایە، ئەو پارەی ئێوە سەرفی دەکەن تورک بە گوللەی دەدات و خەڵکی کوردی پێدەکوژێ.

## خەلیلزاد خۆی بۆ سەرۆکی ئەفگانستان کاندیدا دەکات

ڕۆژنامەی **عکاظ** ی سعودی لە زاری زەلمای خەلیلزاد نوێنەری ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتوەکان ئاشکرای کردووە کە لەمانگەکانی داهاتو لە پۆستی ئێستای واز دێنێ و لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئەفگانستان بەشداری دەکات. ئەمەش بەمەبەستی خزمەتکردن بە نیشتمانی دایکی لێکدەداتەوە!!

## ڕۆژەڤ

لە خۆڕاوە نیە کە ڕۆژی ١٤ی نیسان بە ڕۆژی ڕێزگرتن لە ئەنفالکراوەکان ناودێر کراوە، چونکە لە ١٤ی نیسانی ١٩٨٨ دا سوپای عێراق لە شاڵاوی ئەنفالی بەدناودا زۆرترین گوندی گەرمیانی وێران کرد و زۆرترین خەڵکی سقیلیشی ئەنفال کردو ڕەوانەی چاڵەکانی مەرگی کردن، ئەوێ ڕۆژێ کەسێ نەبوو گوێ لە هاوارو ناڵەی ئەو پۆلە باڵندەیە بگرێ کە لە بیابانەکاندا زیندە بەچاڵ دەکران، هەروەها بە درێژایی ٢٠ ساڵی ڕابردووش نەک هەر بیانیەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەبەرانبەر خەمی گەورەی ئەنفال کراوەکاندا کەمتەرخەم بوونە، بەڵکو حکومەتی هەرێم و دەستەڵاتدارانیش پشکی گەورەیان لەو کەمتەرخەمیە بەردەکەوێ، چونکە نە بۆ ناساندنی شاڵاوی ئەنفالکردنی کوردستانیان وەک شەڕی قڕکردن و جینۆساید هەوڵ دراوە، نە ئاوڕیش لە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان دراوەتەوەو نە هەنگاوی پێویستیش بۆ دۆزینەوەو هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان هاوێژراوە.

ئەمساڵ کە لە ١٤ی نیساندا ڕێز لە قوربانیانی ئەنفال دەگرین و بەشکۆوە یادیان دەکەینەوە، داخبارین کە هێشتا کێشەکانی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان وەکو خۆیان ماونەتەوەو برینەکانیان سارێژ نەکراون، حکومەتی هەرێم وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەداونەتەوە، هەرچەندە کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە سەردانەکەی ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگەدا لە چەمچەماڵ بەردی بناغەی پڕۆژەی ١١٠٠ خانووی داناو لە وتەیەکدا دانی بەوە دانا کەمتەرخەمی کراوەو ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو کەمتەرخەمیەی پێشتر وەلابنێین و لە ئێستا بەدواوە بە هەماهەنگی حکومەت و وڵاتییان پشکی شێری پڕۆژەکان بدرێتە ناوچەی گەرمیان!

ڕاستە پێڕاگەیشتن و ئاوڕدانەوە لە بنەماڵەو پاشماوەی ئەنفالکراوەکان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بەڵام خەم و کێشەی بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان، حەزو ئاواتی قوربانیانی شاڵاوی ئەنفال بە قسەی گەورەو وتاری جوان و دروشمی بریقەدارەوە یەکلایی نابێتەوە، بەڵکو بەوە وەدی دێن کە پێناسەی دزراوو زەوتکراوی کوردستانبوونی کەرکوک وەربگیرێتەوە، پارێزگای کەرکوک بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە، لەم پێوەندەشدا ئەرکی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستانە کە چیتر سازش لەسەر ماددەی ١٤٠ نەکەن و وادەکەی درێژ نەکەنەوە، لە حکومەتی بەغدادو ئەمریکاو هاوپەیمانانی پەسند نەکەن کە لەژێر بیانۆو پاساوی نابەجێوە یاری خاپاندن و چاوشارکێ بەردەوام بکرێ، پێویستە تەواوی گوشارەکان بۆ گێڕانەوەی کەرکوک دەکار بکرێ، چونکە ئەمە نەک تەنیا خواستی ئێمە و تێکڕای کوردستانیانە، بەڵکو خواستێکی ڕەوای مێژووییەو نابێ خۆی لێبدزرێتەوە.

سڵاو لەگیانی پاکی ئەنفالکراوەکان کە شەهیدی ڕاستنی پێناسەی کوردستانی و گیانبازانی ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمانەکەیانن.




PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com